# فایلی ژمارە سفر

عومەرمحەمەد

بەهۆی دەرکەوتنی فایلەکانەوە ،گوێم لێتە دەم درێژی دەکەیتوورووی‌خۆت سپی دەکەیتەوە،دەزانم تۆلەنێودەزگا جاسوسی‌یەکانی بەعسدا هیچ فایلێکت بۆپرنەکراوەتەوە،بەلاّم مەرج نیە هەرچی فایلی بەعسی بۆپرکرایەوە ئیدی تاوانباروشەرمەزارە،نەخێر فایل هەیە مایەی شانازی خاوەنەکەیەتی‌وپڕە لە سەروەری وگەورەیی وەك ئەوفایلانەی رژێمی‌یان ریسواکرد،کەچی هەرفایلیشە مایەی سەرشۆری خاوەنەکەیەتی،بەلاّم تۆکەفایلت نی‌یە ئەوە ناگەیەنیٚ ئیدی سەربلّندیت!نەخێر تۆخاوەنی فایلی ژمارە (سفر)یت ،لەناولاپەڕە ڕەشەکانی‌دا هەمووکارەچەپەلّەکانت تۆمارکراون،دزی ودەستپیسی،دوزمانی‌وچالّ بۆخەلّکی هەلّکەندن،دووڕویی وماستاوکردن ،تۆئەوکەسەیت ڕاستتر وایە بلّێم ئەو(دووپیٚ)یەیت ئەگەربەئەندامی نێرینەیی،یان مێینەیشت ئابڕوی کەست نەبردبیٚ ئەوا بەزمانت بردووتە،تۆهەمیشە حیکایەتخوانێکی درۆزن و بوختانچی‌یەکی شارەزابوویت لەکرامەت شکاندنی دەرودراوسیٚوخەلّکانی ناوفەرمانگەکەت،فایلی تۆ نهێنی نیە ،بیرت چوو لەخووت و خۆڕایی خێزانێکت هەر بە درۆو بوختان بۆهەلّبەستن شاربەدەرکرد ؟کەچی خۆت دەلاّلی ناکەس بەچەیەك بوویت،بیرت چوو لە خووتو خۆڕایی سیناریوی نانبڕینی کارمەندەکانی فەرمانگەکەت دروستدەکرد ؟هەربۆخۆت سەری قسەت دادەمەزراندو پاشان دەچووی وورد ورد بۆبەرێوەبەرت دەگێڕایەوە،گرنگ نیە ئێستا تۆکێت پێدەلّێن وپلەوپایەت چی‌یە ،گرنگ ئەوەیە تۆچیت و ناوو ناوبانگت بەچییەوە پەیداکرد ؟! تۆ ئەو دووپیێەی بەدزی یەوە هەردوومەمکەکانت دەخەیتە نێوچنگی پیاوێکی بەدخووەوە ولەمالّەوەش بە هەلّگلۆفراوی‌یەوە دەیانخەیتە ناودەمی‌مندالّە بەریئەکەتەوە،یان ئەوپیاوەی لەدەرەوە باس لەئازادی سێکسی دەکەیت بۆئەوەی ژنێکی لەخۆت پروپوچتربکەیتە نێچیر کەچی لەمالّەکەی خۆتدا ،پیاوێکی لە خواترس وهەرواکەمێك لەملای تیرۆرستانەوە بناغە بۆئەخلاق دادەڕێژی!! گرنگ نی‌یە تۆنێری یان میٚ،گرفتەکە ئەوەیە درۆزنی‌و نا مرۆڤانە دەژیت،دەزانم بەعسی نەبوویت وناوت لە نیو لۆکەرفایل ولەسەر رەفەکانی بەعسدا هەلّنەگیراوە ،بەلاّم تۆ گرگنی گەورەیی دەکوژی‌و نامەردی بەرهەمدێنی،تۆ مردووپەرستیت، دوژمنی هەموو جوانی‌یەکی و وەك بەعسی‌یەکان بگرە لەوان دزێوترو بەدڕەفتارتری تۆئەوەیت کە هەیت، هەی لەبەعسی‌یان بەعسی تر.